وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتییەکان

## بانگهێشتی گشتی

### کەمکردنەوەی نهێنی/ تەندەری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە دابینکردنی (سۆبە ) بۆ جاری دووەم

ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دابینکردنی (سۆبە) هەیە بۆ قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی گشتی نهێنی، هەر کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دیوانی وەزارەت بکات بەمەبەستی کڕینی تەندەر کە لە ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٠/٢٠) تاوەکو ڕۆژی یەک شەممە (٢٠٢١/١٠/٣١) تەندەر دەفرۆشرێت،وە نرخی هەر تەندەرێك (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینارەو ئەم برە پارەیەش ناگەڕێتەوە بۆ کڕیاری تەندەر.

دوا کات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی ( سێ شەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٢) کاتژمێر (١١:٠٠) یانزەی پێش نیوەڕۆ دەبێت و ڕۆژی کردنەوەی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:٠٠) یانزەی پێش نیوەڕۆ دەبێت، لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

- **مەرجەکان:-**

١. کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.

٢. بارمتەی سەرەتایی بە بڕی (٣%)ی گوژمەی پێشکەش کراو بەچەکێکی پەسندکراو (مصدق) یان گەرنتینامە (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ وەکو بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر هاوپێچ بکرێت وە بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.

٣. ماوەی تەندەرەکان (مدة نفاذ العطاءات) (٦٠) شەست ڕۆژە و لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێدەکات.

٤. پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو ئەستۆپاکی نوێی باجی دەرامەت بۆ ساڵی (٢٠٢١) پێشکەش بکات لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر، بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.

**زانا عبدالحمید معروف**

**بەڕێوەبەری گشتی دیوان بە وەکالەت**

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- لیژنەی کردنەوەی تەندەر
- لیژنەی شیکردنەوەی تەندەر

} بۆ کاری پێویست

- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتییەکان لەگەڵ بەراییەکان.